ترەمپ و پوتن: دەبێت شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران کۆتایی پێبێت

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، پێیوەندیەکی تەلەفونی لەگەڵ ڤلادیمێر پوتن سەرۆکی ڕوسیا ئەنجامدا و بەدرێژی باسی ئێرانیان کردوە و هاوڵابون گە "دەبێت شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران کۆتایی پێبێت".

دۆناڵد ترەمپ، ئەمشەو لە پەڕەی تایبەتی خۆی لە پلاتفۆرمی "truthsocial" بڵاویکردوە، بەبێنەی ڕێژی لەدایکبونیەوە، پوتن پێیوەندی پێوەکردوە، بەڵام لەوەش گرنگتر بە ئەوە بوە کە باسی ئێران بکات، وەاتەک کە زۆر باش دەیناسێت.
ئاماژەی بۆشکرد، "بە چەی گفتوگۆمان کرد. کاتێکی زۆر کەمتر هەبوە بە باسکردنی ڕوسیا/ئۆکرانیا، بەڵام ئەوە بە هەفتەی داهاتو دەبێت. ئەو ئاوگۆی زیندانییە پلکان دەکات - ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییەکان ئاوگۆ دەکرێن، دەستبەجێ، لە هەردو لایەنەوە".
ترەمپ باسی لەوەشکرد، پێیوەندیەکیان نزیکەی یەک کاتژمێری خایاندوە و هاورابونەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێت شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران کۆتایی پێبێت.